# دانپیانانی کوژراوێک

کۆچیرۆک

**هێرش رەسوڵ**

**٢٠١٢**



ناوی کتێب: دانپیانانی کوژراوێک
بابەت: کۆ چیرۆک
نووسینی: هێرش رەسول
تایپ: نووسەر
دیزاینی ناوەرۆک: محەمەد بابۆڵی
چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
شوێنی چاپ: سلێمانی
نۆبەتی چاپ: ٢٠١٢
ژمارەی سپاردن: ی ساڵی ٢٠١٢

لەبڵاوکراوەکانی لقی سلێمانیی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان
زنجیره (23 )

**"کۆتایی هەناسەکانی ئەو رۆژە بو، شار هێدی هێدی خۆی دەخزاندە باوەشی تاریکییەوە، کۆلارەیەك بەجەستەی دەزولەییەوە لەوایەری مۆلیدەکانەوە ئالاًبو،و لەودیوەوە ملی شۆڕکردبۆوە خوارێ، منداڵانیش یەك یەكو دو دو ئەو ناوەیان جێدەهێشتو بەرەو ماڵ دەبونەوە، وەك بڵێی کۆتایی مەراسیمی لەسێدارەدانەو خەریکە مەیدانەکە چۆڵدەکرێ".**

**ئاسمانی کۆلارە خنکاوەکان**





## ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە:

**دایكو باوکم..**

**تاژانو هەنی..**

**جوانترین حیکایەتەکانی زیندەگیم**

**پێشکەشە**

**هێرش**

# پێرست


وتەیەکی پێویست ................................................ 6

ئاسمانی کۆلارە خنکاوەکان .................................... 9

چیرۆکێك.. هێشتا نەنوسراوە ................................ 13

دانپیانانی کوژراوێك ............................................ 21

سەرزەمینی دەنگە کپکراوەکان ................................ 27

دەبێ بیر لەچی بکەمەوە؟...................................... 33

لەودیو ئەنگوستیلە نقێمدارەکەوە ........................... 39

گۆرانییەکی تەواونەکراو ........................................ 45

ئاوەژوبونەوە ....................................................... 49

حیکایەتی سوتان ................................................. 51

خوێندنەوە بۆ کورتەچیرۆکێك ................................ 58

## وتەیەکی پێویست

هونەری کورتەچیرۆکنوسین بەگشتی لەدنیادا مێژویەکی زۆر کۆنی نیە، دیارە لەئەدەبی کوردیدا ئەو مێژوە تازەترەو هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە سەدەیەك، بەڵام بەردەوام لەگەشەی زیاتردایە، وەکچۆن پاش راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ئەم هونەرە پێینایە قۆناغێکی دیکەوەو لەو نێوانەشدا چەندین قەڵەمو ناوی نوێ هاتنە بوارەکەوە. دەبێ بوترێ ئەم کۆمەڵە چیرۆکەش هەر لەچوارچێوەی ئەو هەوڵو هەنگاوانەدایە. ئەم نۆ چیرۆکە هەوڵێکی سەرەتایی چیرۆکنوسێکی گەنجە کە تەنها لەماوەی تەمەنی (١٧ — ٢٠) ساڵییدا خەیاڵەکانی خستونەتە سەر کاغەزو لەفۆرمی چیرۆکدا پێشکەشیکردون. بۆیە ئێستا کە لەچوارچێوەی ئەم کتێبۆکەیەدا کۆیاندەکەمەوە رەنگە لەهەندێکیان رازینەبم، هەم لەڕوی بابەتو هەم لەڕوی تەکنیکیشەوە سادە بن، بەڵام وەکو ئەزمونێکی زۆر بچوكو خاکییانە پێم باش بو هەمویان چاپ بکەمەوە. لێرەشدا تەنها دەستکاریی بچوکی رێنوسی هەندێکیانم کردوەو ناونیشانی چەند چیرۆکێکیانم گۆڕیوە.

لەڕاستیدا مێژوی نوسینی ئەم نۆ چیرۆکە دەکەوێتە نێوان تەنها سێ ساڵ (١٩٩٩ — ٢٠٠٢)، واتە رێکەوتی بڵاوبونەوەی دواچیرۆکیان دەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ لەمەوبەر.

دادە ئەحلام مەنصور—ی چیرۆکنوسو مامۆستای زانکۆ راستی وت، کاتێ دوای تەواوکردنی زانکۆ بومە موعیدو بەتەمای خوێندنی ماستەر





بوم، بەئەسپایی پێیوتم "ئیتر ژیانی ئەکادیمی، وشکت دەکاتو لەدنیای جوانو فەنتازیی ئەدەبو چیرۆك دادەبڕێنێت".

بەڵێ.. لەماوەی خوێندنی ماستەرو دکتۆراکەمدا، زۆر لەدنیای چیرۆکنوسین دابڕام، لەپاڵیشیدا سەرقاڵبونم بەکاری رۆژنامەنوسی؛ ئەوەندەیتر لەو جیهانە جوانەی دورخستمەوە. ئەگەرچی هەستدەکەم پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان هەرسێ دنیای (رۆژنامەنوسی، ئەکادیمی، ئەدەب)دا هەیە، بەڵام ئەگەر دواجار سەرپشکم بکەن لەنێوان ئەو سێ بوارەدا، بەدڵنیاییەوە سێیەمیان (بەتایبەت چیرۆکنوسین) هەڵدەبژێرم. لای من گەڕانەوە بۆ نێو دنیای ئەدەب، بەتایبەت چیرۆكو رۆمان لەهەمو چارەنوسەکان جوانترە.

دواجار دەبێ ئەوە بڵێم، هاندانی دۆستو هاوڕێیانی ئەزیزم، ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی بەچاپگەیاند.

**هێرش رەسوڵ**
*dr.herish.82@gmail.com*
**هاوینی ٢٠١٢**

# ئاسمانی
# کۆلاره خنکاوه‌کان

کۆتایی هەناسەکانی ئەو ڕۆژە بو، شار هێدی هێدی خۆی دەخزاندە باوەشی تاریکییەوە، کۆلارەیەك بەجەستەی دەزولەییەوە لەوایەری مۆلیدەکانەوە ئاڵابو، و لەودیوەوە ملی شۆڕکردبۆوە خوارێ، منداڵانیش یەك یەکو دو دو ئەو ناوەیان جێدەهێشتو بەرەو ماڵ دەبونەوە، وەك بڵێی کۆتایی مەراسیمی لەسێدارەدانەو خەریکە مەیدانەکە چۆڵدەکرێ.

لەناو لێفە ئەستورەکەیدا خۆی گرمۆڵەکردبو، نەیدەزانی چ وەختە، ئەوەندە نەبێت، خۆیو ژورە وێرانو کەلاوەکەی لەتەنیاییدان.. تەنیاییەکی سامناك.

هەر لەبیرکردنەوە بێماناکانی خۆی بو، خۆیشی نەیدەزانی چۆن نیگای لەلای خوارەوەی ژورەکەیو، لەسەر ئەو پارچە پەڕۆ قوڕاویو دڕاوەی لای دەرگاکە نیشتەوە، پێڵاوەکانی بینی، تاکێکیان کەوتبوە سەر ئەویتر، یەکسەر خەیاڵ بردییەوە، بێئەوەی بیر لەو لێکدانەوەیە بکاتەوە کە دەڵێت: "کەوتنە سەریەکی دو تاکە پێڵاو مانای لەسەر سەفەربونی خاوەنەکەیەتی".

لەو پێڵاوەوە پێڵاوەکانی منداڵیی هاتەوە بیری، ئەو پێڵاوە لاستیکەی هەمو هیواو ئاواتێکی بو، هەفتەیەك گریا تاکو بۆیان کڕی، ئەویش بۆ جەژن، لەو بیرکردنەوانەدا بو، خەو بردیەوەو هەر ئەو پێڵاوانەی منداڵیی بوە خەونی. گەڕایەوە بۆ شەوی ئەو جەژنەی کە لەهەمو شەو و ڕۆژەکانی





دیکەی خۆشتر بون، ئەو شەوەی پێڵاوە تازەکانی توند توند لەباوەشگرتبو، بەدەم ئەوەوە خەوی لێکەوتبو، بەڵام ئەوەندە پێڵاوەکانی لەئامێز وەرێنابو و ئەمدیو و ئەودیوی کردبو، قەیتانەکە ئاڵابوە ملیو خنکاندبوی، زۆر خۆشحاڵ بو، پێدەکەنی.. لەهەنکاتیشدا دەگریا، لەگەڵ ئەوەشدا خەمی بو ڕۆژی لێنەیەتو پێڵاوەکە لەپێی خۆیدا نەبینێت..

گەرچی ئێستا کە ئەم خەونە دەبینێ زۆر خۆشحاڵە کە بەقەیتانی پێڵاوەکانی منداڵیی دەخنکێو (گەورەبون) نابینێ، بەڵام لەو خەوەش بەئاگادێو سەیردەکات نە بەقەیتانی پێڵاوەکانی خنکاوەو نە هیچو؛ وا ئێستا گەورە بوە..

کۆتایی هەناسەکانی ئەو ڕۆژە بو، شار خۆی خزاندبوە باوەشی تاریکییەوە، کۆلارەیەك بەجەستەی دەزولەییەوە لەوایەری مۆلیدەکانەوە ئاڵابو، و لەو دیوەوە ملی شۆڕکردبۆوە خوارێ، منداڵانیش ئەو ناوەیان جێهێشتبو و؛ بەرەو ماڵ ببونەوە، وەك بڵێی کۆتایی مەراسیمی لەسێدارەدان بوەو ئیتر مەیدانەکە چۆڵکراوە.

**حوزەیرانی ٢٠٠٢**

*** ئەم چیرۆکە خەڵاتی دوەمی چیرۆکی فێستیڤاڵی ئەدەبیی میرزا مەنگوڕی وەرگرتوە، کە لقی ڕانیەی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ لەساڵی ٢٠٠٤ دا سازیکردبو.**

# چیرۆکێک..
# هێشتا نەنوسراوە

**بەپاڵەوانەکەی پێشکەشە**

"تا هەنوکەش هەر سوری لەسەر بڕیارەکەت؟"

ئەمە یەکێك پرسی کە ڕەنگە ببێتە کەسێتیی سەرەکیی ئەو چیرۆکەی وا نەخشەی بۆ دادەڕێژم چۆن بینوسم.

ویستم کلاسیکیانە (روداو)و (شوێنکات)و سەرلەبەری گفتوگۆکانمان بڕژێنمە خەرەندی چیرۆکێکی درێژو لەوێوە وردە زەنگیانەی رازەکانیش، ئەو رازانەی کە تاکو ساتەوەختی نوسینی ئەم چیرۆکە تا سەرئێسقان هەرزەکارە، پەنهانیین، دەنك دەنك خڕبکەمەوەو بیانخەمە نێو قتوە شوشە رونەکەوەو لەناو جامخانەکەدا دایبنێم.. تا دواجار لەنوسینی داستانێك ببمەوە، بەهەمو خوێندنەوەکان بمانباتەوە بۆ سەفەرە دورەکانی سروشت، بەڵام نەمویست وەك ئەو داستانانەی کە باپیرم حەزدەکات گوێیان لێبگرێتو پێ بەپێ لەگەڵیاندا بڕوات، بەوشەو رستەی بەتەنیشت یەکەوە ریزکراوی کێشو سەروادارەوە بینوسم. ئێمە لەوەتی هەین وا راهاتوین، لەشیعر زیاتر چیدی نازانین.. هەمیشە دۆخی ناوەوەمان بەو زمانە بەیاندەکەین.

بەتەمابوم ئەوەی بینیم، بەسەرمدا هات، هەروەك لەچیرۆکدا پێیدەڵێن (روداو)، زنجیرەیی بیگێڕمەوە، بەڵام هەستمکرد کارەساتێکی گەورەم خولقاندوەو بەخۆشم نەزانیوە، لەبەرئەوەی ئەستەمە لەدەقدا روداو وەك روداو خۆی ببینین.. ئینجا بیرم لەوە کردەوە (رەمز) بێنمو بیکەم بەسەر یەکداو سەر لەخۆمو لەوەش بشێوێنم کە دەیخوێنێتەوە، یان گوێی لێدەبێت.





پاشان وتم نا.. وا چاکە سیحرو فەنتازیایەکی جوان بکەمە فەزای چیرۆکە هێشتا لەدایکنەبوەکەمو لەوێوە هەرچۆنێك بێ لەو دەرگایانەش نزیك دەکەومەوە کە تا بەئێستا دەگات جەسارەتی کردنەوەیانم نەکردوە.. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ئەوەی زۆر مەبەستم بو ئەوە بو کە پەلکێشی نێو پرۆژەی تێکستەکەمت بکەمو لەوەش زێتر، بتکەمە پاڵەوانی چیرۆکە تاکو ئێستا نەنوسراوەکەم.

"تۆ هەڵەی.. چۆن یەکێك دەکەیتە کارەکتەری چیرۆکێکت کە هێشتا زۆرت ماوە تێی بگەی؟".

"نا.. منیش تەنها ئەوەندە دەتخزێنمە قولایی چیرۆکەکەوە کە دەتبینمو دەتخوێنمەوە، چونکە نامەوێ روانینم روانینێکی تەقلیدی بێ بۆ (پاڵەوان)، بۆیە دەشێ تاڕادەیەکی کەم لەدنیاکەت حاڵی بوبم.. کەواتە منیش روانینەکانم رەها نین، وا نیە؟".

بەڵام بمبورن، دەمەوێت کەمێك بوەستمو بگەڕێمەوە رابردوەکان، جارێکی تر تەماشای زەمەن بکەمەوە، دیسانەوە لەکلتور وردببمەوە، چونکە نامەوێ هەڵەی دزێوکردنی رابردو بکەم، گەرەکم نیە ئەوەی رویداوە ناشیرینی بکەم.. ئینجا تەقەلای بنیاتنانی ئەفسانەیەك دەدەم، ئەفسانەیەك دور لەو حیکایەتە ترسێنەرانەی منداڵی، ئەفسانەیەك ژیان بەبەر سروشتدا بکاتەوە.. جارێکی دیکە رۆحی زیندوبونەوەو زیندەگی بهێنمەوە گۆڕێ.. ئا بیرم کەوتەوە، توخوا برادەرینە واز لەو فۆرمە بێزارکەرە بێنن، ئەو زمانە فەرامۆش بکەن کە رۆحی روبەڕوبونەوەمان لا جوانتر دەکات، هەر بەڕاست دەمەوێ ئەفسانەیەك دروست بکەم، خۆ

ئەگەر ئەفسانەشم پێ دروستنەکرێ، یان پێ زیندوڕانەگیرێ، خۆ بەمرداربونەوەی نادەم.. نایکوژم نا.

چەند دەقیقەیەك دەبو وەستابوین لەهەمان ئەو شوێنەی کە یەکەمجار لێیەوە بەدیمکردی.. ئای هەوەڵین دیدەنی.. ئەو ڕۆژە ئەوەندە دڵخۆشبوم هەندێجار خۆشم لەهۆکارەکەی دەکەوتمە گومان، گومانێکی قەشەنگ.. نەمدەزانی ئەوە چ ئۆخژنێکە لەناخمدا دەگەڕێ.. دەگەڕێو ناسرەوێ.. هەتا دەهاتمەوە هۆش خۆمو رون دەبۆوە ئەوە تەنها خۆشیی ناسینی ئازیزێکە.. ئازیزێك یەکەم کارێك کردی چرکەژمێرە خێراکەی سەعاتەکەمی وەستاندو گەڕاندییەوە بەراییەکانی منداڵی.. ئای زەمەنی هەڵدانی کۆلارە سپییەکانو شکانی شوشە رونەکانی ئەو پەنجەرانەی بەسەر کۆڵاندا دەڕوانن.. چەند چرکەیەك بێدەنگ وەستاین بێئەوەی ورتە لەدەمی هیچمانەوە بێ.. لەمەراسیمێکی جوان دەچو کە تەقسێکی پیرۆزی وەرگرتبێ، لەحزور لەدایکبونێکی نوێ بۆ ڕۆحی زیندوی وەچە عیشقێك دەقیقەیەك یان کەمتر لەدەقیقەیەك بێدەنگ وەستاوینو چاومان بڕیوەتە درزی ئەو کاشییە خاڵخاڵانەی بەرپێمان.. وەکو بڵێی بەر لەتوانەوە ئارامگەیەك بۆ ئەو دو دڵۆپە بدۆزینەوە کە چارەنوسی هاتنو ڕۆیشتنمانن... هەنوکە هاتومەتە هەمان جێ، بەڵام هەستدەکەم نوقمی تەمێکی بێئامان بوم.. ئێستا لەژێر تابلۆ هەڵواسراوەکانی دیوارو کەلێنی دەرگاکەی بەرامبەرم.. لەژور سەرمو لەدرزی کاشییەکانی بەرپێمەوە هاڵاوی تەریبون پەرشدەبێ.. هەنوکە پاڵم داوەتە هەمان دیوارو چ نەشئەیەك لەو تەرزە وەستانەم وەردەگرم، بەڵام هەستدەکەم هێشتا





کوتلەیەك لەخۆم وا لەخۆم دورە، لەکەمئەندامێك زێتر چیدی نیم.. ئێستا هەست بەغەریبیی خۆم دەکەم.

دەمویست لەچیرۆکەکەمدا ریتمێکی تایبەت وەربگرم، بەڵام زۆر بەحەزەرەوە تاکو نەکەومە داوی ئەو ریتمە سواوەی هەمو دەقمان پێوە گرتوەو لێمان نابێتەوە.. ئێستا دەمەوێ دور لەچاوی ئەو چیرۆکەوە بەفلاشباك بگەڕێمەوە ناو ئەو ساتە کریستاڵیانەی ترسنۆکانە دەدواین.. خۆشمان نەماندەزانی بۆ کوێ دەفڕینو لەکوێش دەنیشینەوە..

ئای ئەو ساتانە هەر لەو پەشمەکە لۆکە ئاسایانەی منداڵی دەچن کە زو لەدەمماندا دەتوانەوە، بەڵام وردە شەکرەکەی کۆتایی، یان شیرینیاییەکە هەر وا زو نەدەڕۆیشت...

دو کورسی، یەکێك ببوە جێگای تۆو ئەوی تەنیشتیشی من لێی دانیشتبوم، بیرم نەماوە سەرەتاکە چۆن بو، تەنها ئەوەندە دەزانم تاکو ئێستا لام جوانەو رەنگە تاهەتایەش بە نەمری بمێنێتەوە، رێکەوتێکی شیرین بو وەك پەیڤەکانی ئەو یەکەمین دیدارەو پرسیارو وەڵامە تەزوبەخشەکانت، لەو شوێنە تازەم ئەو پرچە زەردەی بەسەر کورسییەکەی تەنیشتمەوە شۆڕببۆوە پشت ریزەکەی ئێمەوە، وێنەی هەمان ئەو گەڵا وەریوانەی خستمەوە بەرچاو کە لەو پایزە وەرزەدا لەدامێنی درەختێکی روتەڵەم بینی، درەختێك.. خەزان کۆشێك جگەرگۆشەی لەجگەری کردبۆوە.

پێموت: "سەرەتای یەکتر ناسینەکەمان لەگەڵ خەزانو وەرینی گەڵا جوانەکاندا دەستپێکرد.. دەزانی؟"

"ئا.. بەڵام سەرەتایەکی جوانتر لەوە پێماندەڵێ وەرینیش تەمەنی خۆی هەیە!"

کۆکردنەوەی دڵۆپە شەونمەکانی یەکەمین دیدەنی هەروا سانا نەبو کە بیرم لێکردبۆوە بیکەمە ناو پێکی ئەو چیرۆکەی بەتـەمام لـەو ڕێکەوتـەوە دروستی بکەم، کەوا هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات توشی ببم، بـەڵام وەك گوتم دەستکەوتنی ئەو سەرەداوە ئەستەمەو کلیلی دەرگای ئەو چیرۆکەی دەمـەوێ بینوسـم، یـان ئـەو چـیرۆکەی یەخـەی گرتـومو دیـارە ئـەویش گەرەکیەتی بمنوسێتەوە.. چرکەساتێکی ڕۆیشتوم وەربگریۆو بەمـەرەدی زەمەنـە نوسـراوەکانی ترمـی بـەرێت.. ئێـستا مـنو چـیرۆك یەخـەگیری یـەکترین، شـەڕمانە.. شـەڕێکی سـەخت.. ئـەو بەتـەواوی چـەكو تفـاقی جەنگییـەوە، کـە لـەفۆرمو تـەکنیکی تـازە خـۆی دەبینێتـەوە هاتۆتـە مەیدانو، منیش..

ئاخ مـنی دۆڕاوی هـەمو شـەڕەکان بەچـەند پـەیڤێکی نەنوسـراوی نـاو دەفتەرە کەس نازانێ چۆنەکەی یاداشتەکانم کەوتمە ناو جەنگێکـەوە کـە نە دەستم لەهەڵگیرسانیو نە دەستکەوتم لەئەنجامەکەی هـەبوەو دەبـێ، بـەڵکو تـاوانێکی ئاشکرای زۆر ڕونیـشە.. ڕون وەك ئـەو شـەوانەی مـانگ لەتاقی ئاسمانەوە ئێـشك لـەو عاشـقانە دەگرێـت کـە هەناسـەکانی ژوانـی ئازیزانـەیان دەگۆڕنـەوەو زو زوش شـەرمنانە سـەرهەڵدەبڕنە ئاسمـانو نیگایەکی پڕ ترسی تێدەگرن، ئەوان بەهەمو عەقڵی خۆیانەوە پێیانوایـە، مانگەگەشە بۆ چاودێری بەسەر سەرییانەوەیە.

چـیرۆك بەبەرچـاوی شـیعرو پەخـشانو گـۆرانیو موزیـكو قەڵـەمو گوڵو... تاد-یەوە دەیویست بە زۆری زۆردارەکی ئەو لەحزە بچکۆلەیەی پێی شك دەبردم خێرا تۆماری بکاو بیخزێنێتە ئەو جـوغزە تەسـکەی کـە مرۆڤە قسە زلەکان ناویان ناوە: مێژو.





سەیرم پێدێ! هەرگیز خۆم ئاوا خۆڕاگر نەدیوە، چۆن بـو لەبەرامبـەر ئـەم چـیرۆکە جـیرەدا بەرگـەم گـرت.. ئـەم بـەردەوام دەیگـوت "ئـەو لەحزەیەتم بدەیـە، گـەر هەناسـەیەکیش بـێ هەڵیمـژم.. بـا تـەنها لای تـۆ نەمێنێتـەوە.. خـۆ دڵنیـام ئێـستا زەمەنێکـە (ئـەو) لەماڵەکـەی خـۆی دەریکردوە.. بێنە دەی، من دەتوانم لەئەرشیڤی دێرو ڕستەکاندا بیپارێزم تۆ چی؟"

نا.. هەرگیز نامەوێ نا.. تۆ تەنها پرۆسەی بەمێژوکردنی ساتەکانمی، ئەو چرکەساتانەی کە لەخۆم پتر نەتۆو نە ڕۆمانو نە شیعرو نـە مێـژوش قەدریان نازانن.. ئەو دەنکە مرواریانەی دانە دانە، ڕۆحم لەچاوتروکانێکدا دەکەنە دەریاو ئینجا دەیکەنەوە زنە.. زنەیەك وردە زیخو بـەردە سـپیو سورو ڕەشەکانی ناوی لەبەر دیدەماندا تێکەڵدەبنو جیانابنەوە.

کارەکتـەرێك لـەودیو پـەردەکانی زەمەنـەوە بـەحیوارێك دێتـە قـسە: "کۆتاییش سـەرەتایەکی تـرە.. بـەڵام بـا چـیتر گـوێ بـۆ ئـەو چـیرۆکانە نەگرینو ئەم شەقامە جێبێڵین.. دیسانەوە وادەی سەمای گەڵا زەردەکان هاتەوە.."

بەهەرحاڵ ئەو چیرۆکەی تاکو ئێستاش زۆر مەبەستمە هەر چۆنێك بـێ بینوسـم، پێدەچـێ ئـەویش دوا پـەرەگراف خـۆی نەنوسـێت، هـەتا ناچـار نەبێت خاڵی وەستانی کۆتایی خۆی بخاتە سەر سنگی کاغەزەکە.

**سـەرەتای ٢٠٠٢**

*** لـەژمارە ٣٥ی سـاڵی ٢٠٠٢ی گۆڤـاری (ئاینـدە)و ژمـارە ٢٨١١ی ٢٠٠٢/٧/١٨ی پاشکۆی ئەدەبو هونەر-ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکراوەتەوە.**

# دانپیانانی
# کوژراوێک

زەمەنێکی درێژ دەرگام بەڕوی ئەو فریشتەیەدا خستە سەر گازەرای پشت کە ئادەمیی پێیدەڵێن (ئیزرائیل)و هەر بەناوهێنانی ترسو بیم دەست دەنێتە بینە قاقایان، بەڵام تاکو ئەو دەرگا ئاسنینەی ژورە نسرمەکەم شیش نەدا هەر نەیناسیمو پێشی نەزانیم.

کاتێ لەودیو دەرگا کلۆمدراوەکەی ژورەکەمەوە ژاوەژاو دروستبو، چەند سەعاتێك دەبو خۆم هاویشتبوە باوەشی ئەو مردنەی کە هەر لەسەرپونی نەخۆشێکی بەردەست پزیشك دەچو بەر لەئەنجامدانی نەشتەرگەری.

بەدەنگەکەیدا ناسیمەوە کوڕە گەنجەکەی دراوسێمان بو: "کاکە.. لێیگەڕێن رەنگە دوێنێ زۆر ماندو بوبێو ئێستا لەخەوێکی قوڵدا بێو هێشتا خەبەری نەبوبێتەوە."

ئەو پیرێژنە تەنیایەی خاوەن ماڵەکەشم، کە زۆر سیمای نەنکی رەحمەتیمی تێدابو، بەدەم هەنسکەوە دەیگوت: "نەبەخوا.. دایکت بمرێ.. هەمو رۆژێ بەیانییان زو لەخەو هەڵدەستێت، گەر نەشیەوێت هەستێت، ئێوارە پێمدەڵێت."، بەڵام نا.. نەنە گیان ئەمجارە نەمویست کەس ئاگاداربکەمەوە، چونکە قسەی خۆمان بێت تۆش سڵ لەو میوانە دەکەیەوە کە بێ سڵاو خۆی بەژوردا دەکات.. بمبورە ماڵئاواییم





لێنەکردی، ئێ نەنکیشم بەر لەدواهەمین کۆچی بەکەسمانی نەوت: دەڕۆم!

ژاوەژاوی دەرەوەی ژورەکەم لەزیادبوندا بو، پێدەچو حەشاماتێکی زۆر رژابنە حەوشەی خانۆچکەکە.. من خەمی نەنەم بو لەو قەرەباڵغییەدا تەنگەنەفەس بێ کێ بیباتە نەخۆشخانە؟

بەدەنگە گەورەکەیدا دیاربو موختاری گەڕەکە، هاواریکرد: "لەپەنجەرەوە تەماشاکەن، بزانن ماوە یان نا.."

"قوربان ئەم ژورە بێ پەنجەرەیە.." ئەمە یەکێك وتی کە ئێستاشی لەگەڵدابێ نەمزانی کێ بو.

دوبارە گوێم لەدەنگی موختار بۆوە: "دەیەڵڵا بڵاوەی لێبکەن، گەر مردبێ شارەوانی خۆی مشوری دەخوات."

هێند لەیەکتر رامایین، بەبێ پاڵنەرێکی خودیو بێ ئەوەی خۆمان بکارێین هێزێکی کێشکردنی سەیر لەنێوانماندا خولقاو بێ ویستی خۆمان هێدی هێدی لێکی نزیکدەکردینەوە، وەکو بڵێی چاوەکان لەگەمەی چاونەتروکاندن دابنو بەوێنەی دو هێزی گەورە هیچیان بۆ هیچیانی دانەدەنواند، پتر لێك نزیکدەبوینەوەو هەریەك لەفراوانکردنی سنورەکانی دەسەڵاتی خۆمان بوین، نزیکبونەوەی دو بونەوەرە یاخییەکە درێژەی کێشا، چاوەکان ئاوێتەبون، تا دەهات تێکەڵبونی چوار چاو بەرەو زێتر ملی دەنا، لەپڕ بەریەککەوتنی لێوەکان ئێستێکی پێکردن، ئێستێك لەئاست بەیەکگەیشتنی دو کەنار، وەلێ دو کەناری تینو!

شەوی رابردو هەرچی کونو کەلەبەری ژورەکەم بو، بەکونی ژێر دەرگاکەشەوە کە زو زو مشکێکی داماو سەری پێدادەکردو بەسەعات لەخۆمو تەنیاییمو ژورە پەرشوبڵاوەکەمی دەڕوانی، بەپارچە رۆژنامەی دڕاو ئاخنیم، ئاخنیم.. تاکو بەر لەهەناسەی چواردیوارێك بگرم کەوا کائینێکی تێدا دەژیءو دەیەوێ ئەم چرکەیە ساتەکانی دواهەناسەی بن.

ئاسمانی ژورەکەم، یان راستتر بڵێم ئاسمانی ئەو نیشتمانەی تێیدا دەتوامەوەو ئەوەتا بەمردوییش جەستەم جەسارەتی ئەوە ناکا بۆ تاوێ جێبیهێڵێ.. ئەو ئاسمانە وردە وردە تەمێك باڵی بەسەردا کێشا، دوکەڵی جگەرەی نێوان دو پەنجەم تا دەهات چڕتر خۆی دەنواند، تاکو ژورەکەم بو بەیەك پارچە دوکەڵ، زەوییەکەش پانتاییەك بو لەسوتو، ئێستا تەنها لەبتێکی بێ رۆح دەچم.. هەستەکانم یەك یەك کوژاونەتەوە، چاوەکانم.. کە نازانم کراوەبون یان هەر خۆیان هیچیان بەدینەدەکرد؟

جاران.. مەبەستم تاڤی زیندوێتیمە، زۆر رقم لەبۆنی جگەرە بو، کەچی ئێستا هەستی پێناکەم.. کە وردە وردە بەرەو مەرگ شۆڕدەبومەوە، هەستەکانیشم هەروا، تەنها بیستنم نەبێت، لەو خامۆشییەدا بەڕونی گوێم لەچرکەچرکی سەعاتە تۆزلێنیشتوەکەی دیوارو بێدەنگیی ژورەکەم بو، بەینی خۆشمان بێت کەمێك هەستم لەدڵم راگرت، ئینجا کە لە بێ ترپەیءو کپیی ئەویش دڵنیابوم ویستم یەکەم سەرخەوی نێو دنیا ئاڵووالا تازەکەم بشکێنم، بەڵام دەنگێك کە نازانم لەکوێوە هات رایچڵەکاندم، نا.. ببورن من ئەوکات جەستەم ببوە پارچە تەختەیەکی بێگیانو لەجێگای خۆی نەدەجولا تاکو راچڵەکێت، بەڵکو تەنها ئەو دەنگە سەرنجمی بۆ لای خۆی



دانپیانانی کوژراوێك
کۆچیرۆك

راکێشا: "لاوۆ؛ ئەوە بەتەمای چی.. ئەی بەڵێنت نەدامێ ئیدی چاوەکانت بەخەو نەسپێری؟.."

"ئەی تۆ چی دەڵێی، ئێستا من لەلاشەیەکی تەزیو بەولاوە چیترم؟ زەمەنێك چاوەکانم بەخشینە خەون، کەچی بونە هەڵمو هیچیان نەدی.."

"نا.. نا تۆ راتکرد، تۆ هەڵاتی، یاخیبوی یاخی.. کوڕە خۆ زۆرجار یاخیبونیش ترسنۆکییە.. وانیە لاوۆ گیان؟"

لەچواردیواری ژورێکی ساردوسڕو لەناو تەمومژو دوکەڵو بە لاشەیەکی بێ رۆحەوە بیرم لەوشەو وەڵامەکانی دەکردەوە، تەنانەت بەمردوییش شەرم پێدەفرۆشێت.

کاتێ بەئاشکرا هەستم بەوە دەکرد؛ هێدی هێدی وەك ئەوەی پێیەکانم لەنێو خاکێکی لمیندا چەقیبن رۆدەچمە خوارەوە، سەراپا جەستەم خاوبۆوەو تەواو زیندوێتیی خۆمم لەدەستدا، هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە ئەو ساتەی زەمەنێك بو چاوەڕێم دەکرد لەوە مەزنترە کە بۆم روانیوە.

زەمەنێکی درێژ دەرگام بەڕوی ئەو فریشتەیەدا خستە سەر گازەرای پشت کە ئادەمیی پێیدەڵێن (ئیزرائیل)و هەر بەناوهێنانی ترسو بیم دەست دەنێتە بینە قاقایان، بەڵام تاکو ئەو دەرگا ئاسنینەی ژورە نسرمەکەم شیش نەدا هەر نەیناسیمو پێشی نەزانیم.

**پایزی ٢٠٠١**

*** لەژمارە ٣٠ی مارسی ٢٠٠٢ی گۆڤاری (ئاینده)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# سەرزەمینی دەنگە کپکراوەکان

جـارێ ماویــەتی بــۆ محــازەرە، دڵۆپــە گــەروەکانی بارانەکــەش زۆر بەخێراییو تاسوقەوە خۆیان دەخستە خوارەوەو شڵپەیان لەزەوییەکە هەڵدەستاند. تۆش بەپەلەو بەسەر جۆگەلە ئاوەکانەوە راتکردو لەدەرگا قەرەباڵغەکەوە خۆت خزاندە نێو کافتریاکە، جمەی دەهات.. دەرزییت هەڵدابایە نەدەکەوتە خوارێ، هالاوی هەناسەی ئەوانەی ناو کافتریاکەش کەشێکی تایبەتی بەوێ بەخشیبو، ئینجا شتێك سەرسامی کردی، بینیت لــەو هــەمو حەشــاماتەدا هــەر دەم-ەو لێککراوەتــەوەو هــەر لێــوەو دەجولێنرێت، کەچی هیچ دەنگێکیش نابیسترێت.

سەرەتا بڕوات بەچاوی خۆت نەدەکرد، دوایی بەبیرتدا هات رەنگە ئەوە راستی نەبێو، هەر وا لەژێر لێفە ئەستورەکەتو لەخەودابی. ئەم رارایيە بەدوای ئەوەدا رایکێشای بگەڕێی بزانی ئەوەی دەیبینی واقیعە یان ئــەوە هــەر ئــەو خەونانەیــە کــە هــەمو سەرەســەعاتێکی شــەو بەرەنگاڵەییەکەوە دەیانبینیو کە بەئاگاش دێیەوە هیچ لەگۆڕێ نیەو هەر چوار دەورت رەشو تاریکە.





دەڕۆیو لوتت بەلوتی هاوڕێیەکتدا دەتەقێ، سەرێکی بۆ دەلەقێنیو دەم دەکەیەوە پرسیاری لەبارەی وەهمو راستیی ئەوەی لێبکەی کە بینیت، کەچی هەستدەکەی خۆشت تەنها زمانت لەنێو زارت دەگەڕێو هیچیتر، بەهەمانشێوەش هیچ شتێك لەو نابیستی.. بێ ماڵئاوایی جێیدێڵیو لەولاوە دەچیتە نزیك هاوپۆلێکی دیکەتو دەتەوێ هەمان سەرسورمانی خۆتی بۆ دەربڕی، پرسیاری لێدەکەی، ئەویش وەڵامدەداتەوە، بەڵام هیچتان قسەی هیچتان نابیستنو هی هەردوکیشتان لەلێوجولاندن بەولاوە چیتر نابێ، ئەویش بەجێدێڵیو ئەمجارە شێتانە یەخەی خوێندکارێکی تر دەگری، کە رەنگە تاکو ئەوکاتە بەخەونیش نەتدیبێ.. هەمان پرسیاری لێدەکەی، ئەویش وەکو ئەوەی پێت بڵێ "نازانم" بەتوندی دەستێکی رادەوەشێنێو جێتدێڵێ، ئینجا تەماشایەکی سەعاتەکەت دەکەیو لەگەڵ پەلەی چرکەژمێرەکە بەپەلە بەرەو هۆڵی محازەرە ملدەنێی، مامۆستا دەستی بە دەرس کردوەو بەردەوامە، کەچی هیچی لەزار نایەتەدەرەوە! بەخێرایی لەدەموچاوی هاوپۆلەکانت دەڕوانی.. هەستدەکەی زۆر بەلایانەوە ئاساییەو تەنها تۆ پێت سەیرە، بۆیە خۆت بۆ ناگیرێتو لەجێی خۆتەوە هەڵدەدەیتێو، دەتەوێ مامۆستاکەت لەوە حاڵی بکەی کە دەنگی دەرناچێو گوێتان لەهیچ نییە، کەچی ئەو رێگەنادات قسەکانت، یان راستتر بڵێم لێوجولاندنەکانت تەواوبکەیو پێت دەبڕێو بەلێوجولاندنی بێورتەو بەدەست ئاماژەکردن

دەتوەستێنیٚ، تۆش یەکسەر لەشەرما سەرت نەویکردو ئەم هەڵوێستە گەڕاندییەوە بۆ روداوێکی چەند ساڵ لەمەوپێش. دوای راپەڕینەکە.. لەقۆناغی سەرەتایی بوی، رۆژێکیان مامۆستا ناوی خوێندکارەکانی دەخوێندەوەو بەپاساوی کەم جێگەییو بەزۆرو بێخواستی خۆیان بۆ مەکتەبێکی تری دەگواستنەوە، تۆش بێمەبەست، خۆشت نازانی چۆن بو چەند وشەیەکت لەدەم کەوتە خوارێ بەریئانە وتت "ئەی بۆ دەڵێن ئازادی؟!"، خۆ ئەوسا لەمانای وشەکەش (ئازادی) تێنەگەیشتبوی، بەڵام مامۆستاکەت تێی گەیاندیت! هەر ئەوەندە بەس بو، مامۆستا لەجێی خۆیەوە دارەکەی دەستی تێگرتیتو تۆش وەکو ئێستا سەرت نەویکردو بەرت نەکەوتو زرمەی لەدیوارەکە هەستاند، ئەمە مامۆستای رقئەستورتر کردو بۆت هاتو لەوسەری پۆلەکەوە تاکو گەیاندییە بەردەم تەختەڕەشەکە هەر بەر شەقی دای، هیچت نەکرد، هیچت نەوت تەنها ئەوەندە نەبێ لەدەلنگی پانتۆڵەکەتەوە میز داچۆڕاو رژایە سەر "حەرەمی پیرۆزی پۆلو پانتایی فراوانی ئازادیی نیشتمان"!

ئەو رۆژە هەروا مایەوە، خەریکبو شێت دەبوی، هەرچیت دەدی دەمی دەجوڵاندو هیچی لەدەم نەدەهاتەدەر، ناچار چویەوە ماڵو خۆت لەکونجی ژورەکەت ئاخنی، تەواو بێتاقەتو ماندو، ویستت کەمێك بێیتەوە سەرخۆت، هیلاکیت کەم ببێتەوە، پەنجەت نا بەدوگمەی تەلەفزیۆنەکەوەو خستتەئیش، بەر لەهەرشت دەنگەکەیت کردەوە، کەچی





هیچ، ئینجا رەنگی هاتو بەرنامەی پێشبڕکێی پیشاندەدا، گروپێك خوێندکار لەسەر کورسی دانیشتونو یەکێکیش لەبەردەمیانەوە دەم دەجوڵێنێو تەمسیلیان بۆ دەکات.

**کۆتایی هاوینی ٢٠٠٢**

*** لەژمارە ٢٩٠٣ی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٢/١٠/٣١ی پاشکۆی ئەدەبو هونەر–ی رۆژنامەی (کوردستانی نویٚ)دا بڵاوکراوەتەوە.**

دەبێ[٧]

بیر لەچی بکەمەوە؟

هەودای بیرکردنەوەی شلکردبو، خۆیشی لەگەڵیدا دەڕۆیشت.. کەڵکەڵەی بابەتێك کەوتبوە سەریەوە، زۆر سەرقاڵ دەبینرا، دەتگوت شتێکی ونکردوەو قەراری لێبڕیوە، لەگەڵ ئەمانەشدا نوقمی بێدەنگییەکی تەماوی ببو.

ئەمە یەکەمجاری نەبو، ماوەیەکە کردویەتە خو پێچەوانەی هەمو هاوڕێکانی، کاتی بەتاڵو وانەی شاغری خۆی بەپیاسەی بێدەنگی پشت خوێندنگە دەباتەسەر.. پەڕە زەردهەڵگەڕاوەکانی ڕۆژژمێری تەمەنی هەڵدەداتەوە.

خۆ ئەو هێشتا خونچەیەو زۆری بەبەرەوە ماوە، بەلام زۆر بیر لەژیان دەکاتەوەو خەم بەدنیاوە دەخوات، هەمو جارێ برادەرەکانی پێیدەڵێن:

* "ئەوە چییە؟ خەمی دنیات لەکۆڵناوە.. خۆ تۆ مامەخەمە نیت؟"

– "نا.. وا مەڵێن، ژیان خۆی خەمە.. دنیا خەفەتە، مرۆڤیش بەخەمەوە مرۆڤە، خەم پەیامە.. پەیام!" تەنها ئەمە دەڵێو بەس.

لەپیاسەکەی خۆی نەکەوتوەو هەر ئاوێتەی کەڵکەڵەی مەسەلەکەی خۆیەتی، مەسەلەیەك کە لەماڵەوەو دۆستو هاوڕێو مامۆستاو کتێبەکانی مەکتەبو تەنانەت دەوروبەریشی جیاکردۆتەوەو یەخەی تەنیایی





پێگرتوە.. بوکەڵەی ئەو بابەتەی زەمەنێکە یاری پێدەکات یان ئەو یاری بەم دەکات!

ئافاتێك لەپێشوازیدایە، بەرمۆدایەکی ئازار خەریکی هەڵلوشینیەتی. لەهەمان شوێندا هێمن هێمن دێتو دەچێت، لەبیرکردنەوەدایە، سەرنج لەکاغەزە تەماوییەکانی یادنامەکەی دەدات، ئەو کاغەزە ڕەشداگەڕاوانەی لێوانلێون لەرازی ساتە نسرمەکانی تەمەن.. پڕن لەهەناسەی کوژراو، لەخۆزگە، خەون، راموسانی ئێوارە تەنیاکانی پێکەوەبون، پەنهانیبونی پەیڤە گەرمەکان.

جارناجارێ لەجێگەی خۆیەوە رەق رادەوەستێ.. ئیستێك دەکات، وەکو بڵێی شتێکی تریش ماوەو دەیەوێت بێتەوە زەینی.

دەستەکانی لەنێو هەردو گیرفانیدا گرمۆڵەکردبون، سەری دانەواندوەو لەبەرپێی خۆی دەڕوانێت، بەردەوامە لەپیاسەکەیو لەسەرخۆ پێ لەزەوییەکە دادەگرێ.. دەنگی تەقەتەقی پێڵاوێك پەتی بیرکردنەوەکانی دەپچڕێنێ، هێواش سەرهەڵدەبڕێ، چاوەکانی هەر ئەوەندە بڕدەکەن پەیکەرێك لەمیهر بەدی بکەن، کەوا بەنەرمە پیاسەیەك بەرەو ڕوی دێت.

دوای سلاو و هەواڵپرسین:

– "ئەو بابەتەی بلاوتکردبۆوە خوێندمەوە، ئەرێ بەڕاست بۆ بەناوی خۆتەوە نەبو؟"

* "تەنها ئاوێنەیەك شکدەبەم خەونە رەنگاڵەییەکانمی تێدا ببینم، هیچ گرنگ نیە خۆم لێیەوە دیاربم یان نا.."

– مەبەستت نوسینە، وا نییە؟

* مەبەستم نوسینەو ئەوەی لەپشت ئەویشەوەیە ! (زەردەخەنەیەك)

– یاساوڵەکانی ژیان، ئەهریمەنەکانی حەز لێناگەڕێن تروسکایی خۆزگەیەك لەدایك ببێ.. هیوایەك سەر بەماڵی دڵدا بکات، خەونەکان بەساوایی سەردەبڕدرێن.. ئاخ درندەکانی میهرو قاتلەکانی جوانی!

ئەمجارەش مەرگەوەرەکان سەرەتاتکێیانە، موسیبەتێکی تازەتر لەتەویڵیان دەخوێنمەوە، موسیبەتێك بەخەونو خۆزگەی هەڵچنراوی مرۆڤێکەوە بەندە..

ئێستاش بەدەست ئەو ئازارەوە دەتلێمەوە، ئەم عەزابە حەجمینی لێبڕیوم، دەگەڕێم دەسوڕێم، داناسەکنێم، هیچ شتێك خۆشحاڵیم ناداتێ، رۆژانە بەخولخواردن.. ماتی.. بێدەنگی.. دۆشدامان بەرامبەر تەلەفۆنە لەمن وەرپسترەکەو سێ ژمارە جاویدانەکە، شەوانەش.. ئاخ شەوانەش بەدیار مانگو ئەستێرەو بێداریی حەتمییەوە وەنەوزی عیشقی تۆ دەمباتەوەو بەسەر باڵی پەپولەیەکی کۆچەر بەرز دەفڕین..

پەردەکانی گوێم بەدەنگێکی سیحری دەلەرنەوە، ئای چ سەدایەکی نەمرە.. وشەیەکی چەندە خۆشلەرەیە ناوی تۆ، چۆن شیرینییەکی تێدایە گفتوگۆت، کە هەر لەساتە هەوەڵینەکانی شادبونم پێت بەنازێکی شەرمنانەوە پێت گوتم:

– "بۆ بێدەنگی؟ بۆ دەبینم هەمیشە بیردەکەیەوە؟"

چما نەتدەزانی لەتۆ زیاتر چیدی هەیە ئەندێشەم داگیربکات، جگە لەتۆ بیر لەچیتر بکەمەوە؟

گوڵم.. راستە من بێدەنگ بوم، خۆ تۆش کەم دەدوای، بەڵام نا.. تۆ زمانی چاوانت دەخستەگەر.





لەسەر هەمان ریتمی جاران لەپشت مەکتەب پیاسەم دەکرد، بەخێرایی هاتە لام، کاغەزێکی دایە دەستمو بەو خێراییەش گەڕایەوە، بێئەوەی ورتەی لێوەبێ. لەدوانامەیدا هاتبو:

"بمبورە عەزیزم بمبورە، شەمشەمەکوێرەکانی مەملەکەت بوارنادەن چراکان تروسکاییان هەبێت، بمبەخشە ئەم کاروانە زۆری ماوە بگاتە دوا مەنزڵی خۆی، بەڵام چەتەکان وەستاندیان..

بۆ دواجار ماڵئاوا رازە پەنهانیەکانی سینە.. خەونە زیندەبەچاڵکراوەکانی دو مرۆ.. ماڵئاوا."

ئای ئەو ساتە وەنەوشەییانەی گەردی بیرچونەوە نایانگرێ.

لەو دەمەوەی بویە بەشێك لەمنو ئاوێتەی یەکتر بوین، هەردوکمان بێئاگا لەنێو رۆحی یەکدا تواینەوە.. نە تۆ خۆت دەدۆزییەوەو نە منیش رۆحم.. تاکو هەنوکەش بۆم رون نەبۆتەوە.. نازانم نا.. ئای چ رێکەوتێکی سەیربو تۆی بە من ئاشناکردو ئەندێشەو بیرکردنەوەشمی بەتۆ سپارد.

لەیەکێك لەژوانەکاندا پرسیت:

– "ئاسمان بەئەستێرەی پرشەدارەوە لەسنگێکی زامدار دەچێ.. وانییە؟"

* بەڵێ" رەنگە جێ تیری ئەو مەرگەوەرانە بێت، کە ئیرەیی بەژوانی ئەبەدی ئەستێرەکان دەبەن.

**زستانی ٢٠٠٢**

*** لەژمارە ٢٦٨٤ی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٢/٢/١٤ی پاشکۆی ئەدەبو هونەر–ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# لەودیو
# ئەنگوستیلە نقێمدارەکەوە[٧]

کرانەوەی پەنجەرەیەك، تەنها بەیەکەوەنوسانی دو شوشەی رونو فرێدانی بەرگی تەنیایی نییە.. گوزارەیەکی جوانە لەعیشقی تەمی سەر شوشەو دلۆپەی خلۆربۆوەو هەڵفڕینی لەناکاوی باڵندەکان.

بەهێمنی بەپەیژەکەدا سەرکەت، پرچە خاوە کورتەکەی دەتگوت پاسارییەکی بزۆزەو لەسەر سوانەی خانویەکی قوڕین بازبازێن دەکات، یەکسەر بەرەو ژوری پۆلەکە ملی دەنا.. لەسەر کورسیەکە تەنیاو مات دادەنیشت. ماتییەك تێکڕا دەوروبەرەکەی دەهەژاند، کە دەشدوا پانتاییەکی مات.. بێدەنگ، وەلێ سەرسامدەکردو هەمو تێکڕا خەیاڵێك کێشیدەکردن، ئادگاری ئەو–یش چەقی ئەو ئەندێشەیە... لەملوانکەیەکی بچڕاو دەچێ ئەو ساتەی دانەکانی یەکە یەکە لەدەست کەوتنە خواریو هەر یەکەی بەلایەکدا ڕۆیشتن.

سپێدەیەکی چەندە جوان بو، تازە خۆر لەهەوار گەڕابۆوەو لە لەحزەی گیرسانەوەدا بو، سپێدەیەك هەمو تەمەن بەو ڕۆژانەیشی ساختەکارانە بەدەم سروەی سەحەر پێدەکەنیم، بەو کاتانەیشی شێتانە ماچم دەگۆڕییەوە، ترۆسکەیەکی وای بەخۆوە نەدیبو، وەختێك لەبەر دەرگای پۆلەکە وەستابوم پاش تەماشاکردنێکی نائاسایی گوێم لەدەنگی ناسکت بو، بە چ مۆسیقایەکەوە گوتت:





"بەیانیت باش دەڵێی ئەمڕۆ زوتر لەڕۆژان دەرکەوتوی، زو لەخەو هەستاوی؟ یان لەوەدەچێت مەوعیدێکت هەبێو چاوەڕوانییەك لولی دابێتی..!".

هەمو ژیانم چاوەڕوانییە.. هەمو تەمەنم وەنەوزدانە بەدیار زارکی ئەو پریاسکە داخراوانەی گەرەکە بکرێنەوە، بەڵام وەستانی ئەو ڕۆژە، چاوەڕوانی ئەو سپێدەیە جیا لەهەموان، چاوەڕوانییەك کە هاتەدیو نەهاتەدی، بۆ یەکێك کە هاتە لامو نەهات.. من بەتەمای دیتنی ئەو خەونە ناخۆشەو چەشتنی ئەو خەمە ڕەنگینەم، چاوەڕێی گەیینی سێو... زەربونی لیمۆم لیمۆ!

دەبێ ئەو پەنجەرەیە کەی واڵا بێ؟ کە هەمو سپێدەیەك چەپکێك تیشك لێیەوە بەژور دەکەون، شنەیەکی سیحراوی لێیەوە هەڵدەکا.. کەی بێ منیش لەو پەنجەرەیەوە گورزەیەك ئەوین بۆن بکەم.. تاکو دەهات چاوانت بەردەوام چاوانمی بۆ لای خۆی کێشدەکرد، نیگاکان یەکتریان نەدەناسییەوە، تەماشات دنیایەکی ئەفسوناوی لەدو ئاسمانی سیحرئامێز چێکردبو، چاوانم دور لەچاوانت بێ ئۆقرەبون هەر کە دەگەیشتنە لای یەکیش دەبوە شەڕیان، وەلێ شەڕێکی جوان.. جوان وەك عەشق، نازانم ئەمە چ ڕێکەوتێکی سیحری بو، نە بەیەكو نەبێ یەك هەڵیان نەدەکرد.

ئەی ئەو ڕۆژەی لەسوچی ڕیزەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوم، ویستی لەلای منەوە بەرەو ئەوسەر ڕەتبێ، تەماشایەکی بزەئامێز ئادگاری گەشی گەشترکردو لۆچی خستە ناوچەوانە سپییە جوانەکەیو دیدە پڕ تەلیسمە گەورەکانیشی بەپێڵوە ناسکەکانی بچوککردەوە، جلەکانی بەری

بەر پێڵوەکانم کەوت تۆزێك پیس بو، بەدەستە نەرمۆڵەکانی دەیسڕییەوە، هەڵوێستێکی زۆر ناخۆشبو، خەجاڵەتبار بوم، لەهەمانکاتدا خۆشحاڵ بوم، چونکە کلیلی دەرگای زۆر پرسی هەستیاری دایەدەستم، بەشەرمەزارییەوە داوای لێبوردنم لێکرد، پۆزشم بۆ هێنایەوە، بەڵام ئەو پتر تەریقی کردمەوە:

"نا.. زۆر ئاساییە، من زۆر سادەم، مرۆڤ بەسادەییەوە جوانە، من رقم لەرەسمیاتە.. زۆر رقم لە وشەی لێبوردن–ە، حەزدەکەم لەفەرهەنگیشدا بسڕدرێتەوە.. پاکێتی، پاکیزەبونو سادەیی پێویست بەبەخشینو لێبوردن ناکات، ئەمە دڵەکان کرمێ دەکات، دەرونەکان بەرەو پیسی دەبات..".

شێرەبەفرینەی ئەم عیشقە سات لەدوای سات گەورەتر دەبو،و باڵایدەکرد، پەیڤە تەلیسماوییەکانیش بەرەبەرە روەو لوتکە هەڵدەکشان تاکو رۆژێك لەوە گیرسایەوە پێم بڵێ: "ئەرێ بەڕاست پێتنەگوتم چاوەڕوانی لای تۆ چ دەگەیەنێ؟!.. گەر تۆ شێوەکارێك بوای چۆن چاوەڕوانییت لەتابلۆیەکی لێدا دەنەخشاند؟".

– "بەر لەهەمو شتێك درەختێکی لقو پۆپداری بێگەڵام دروستدەکرد، دارێك خەزان پیری کردبێت.. پایز روتاندبێتیەوە، ئینجا لەسوچی چەپی تابلۆکە لای سەرەوە، پۆرترێتی کچێکی خەمبار، بەڵام چاو پڕ تروسکەی هیوا.. گەش.. گەش وەك چاوانی تۆ".

بەهەمان ریتمی جاران نیگای تێگرتم، بەڵام ئەمجارەیان جیا لەهەمو جارانی دی لەنێو چاوانم نەوەستاو چەقی نەبەست، بەڵکو بەتیلەیەکی





خەمبارانە ئاماژەی بۆ گرێی ئەو پەنجەیەی دەستیکرد کە کەلتوری کۆمەڵگە بەر لەپڕانی زمانیو لەسەر پشتی لانك، بێ ویستی خۆی بۆ (ئەڵقە)یەکی جێهێشتبو، تا ترسنۆکانە لەپشت ئەنگوستیلەیەکی نقێمدارەوە خۆی حەشار بدات!

چۆلەکەیەك بەدەنوك لەشوشەی پەنجەرەی ژورەکەی دەدا، وەکو بڵێی ئەویش کەلەپچەیەکی گچکە بۆ پەنجە شوشو باریکەکانی حازرکرابێ، نەتوانێ بیانجولێنێ...

**پایزی ٢٠٠١**

*** لەژمارە ٢٦٠٥ی رۆژی پێنجشەممە ٢٠٠١/١١/١٨ی پاشکۆی ئەدەبو هونەر–ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# گۆرانییەکی تەواونەکراو

که گوێی لەگۆرانییەك دەگرت خەیاڵی خۆزگەیەكی لەمێژینە دەیبردەوەو یەكسەر دەیگوت: "كەی بێ منیش پڕ بەگەروم گۆرانیی بۆ دایەو بابەو مامۆستاو كوردستانەكەم بڵێم؟!"

لەبەرئەوەی كچ بو، چونكە زایینـدەی كۆمەڵگەیەك بو كە هەمو شتێكی تێدا سنورداره، بۆیە سنورێكی بۆ كێشراو پێیانوت: "چیدی بۆت نییە گۆرانی بڵێی، تازە تۆ گەورە بوی!"

ئەو كە تەنها گەروی شكدەبرد ئازارەكانی لێوە دەربڕێ، خەمەكانی پێ بەبا بدات، ئەویشیان لێ یاساغكرد، بەلام نەیانتوانی بەر لەشەپۆلی ئەشكی چاوانی بگرن، جورئەتیان نەكرد رێ لەخۆخواردنەوەو قولپدانی ناخی پەنگخواردوی چەند ساڵەی بگرن.

هەمو جارێ وێنەی باوكی دەهاتەوە بەرچاو كە نیوەڕۆو ئێواران بەپیریەوە دەچو. باوكی پاش ماچكردنو باوەش پیاكردنی پێیدەگوت: "شتێكی خۆشم بۆ بڵێ، بزانم چی فێربویت؟"، ئەویش یەكسەر پێیەكی بەزەویدا دەداو دەستی راستیشی بۆ لای گوێی دەبرد وەك ئەوەی سەربازێك لەبەردەم گەورەكەیدا بوەستێتو سلاوی بۆ بكات، ئینجا دەستی بەوتنی گۆرانیی (بەبە بەبە بچكۆلە) دەكرد.

ئای ئەو رۆژەی تەرمی باوكیان هێنایەوە، شەلاڵی خوێن ببو، خەریك بو نەیناسێتەوە، حەپەسابو، بەوردی چاوی خستبوەسەر دایكی كە كۆمەڵێ كەس توند گرتبویانو نەیاندەهێشت نزیكی تەرمەكە بكەوێتەوە، هاواری گریانو لاواندنەوەكەی، خەڵكی لەدوریشەوە بەرەو ماڵی ئەوان كێشكردبو، ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی پێیاندەگوت: "باوكت كوژراوە"و ماچیان دەكردو پارەیان دەدایە.

برا بچكۆلەكەشی، كە تەمەنی هەر ساڵێك دەبو، لەسوچێك دور لەدایكی كەوتبو، وەكو بڵێی ئەویش لەتاوی باوكییەتی وا بەكەس ژێرنابێتەوە.





كە خاڵیشی، خۆیو براكەی بردەوە ماڵی خۆیان، دۆزەخەكە بۆ ئەو گەرمتربو، خاڵۆژنی هەمو رۆژێ بەبیانویەك لێیان تورەدەبو، لێیدەدان، بەلام هیچ وەك ئەوە ناخۆشو دڵبریندارکەر نەبو، كە بەسەریاندا دەینەڕاند: "هەتیوینە!"

خۆ ئەوانیش ئەوكات بەتەواوی هەتیو و بێ دایكو باوك ببون، پاش كوژرانی باوكیان لەبەر بەرژەوەندیو ئایندەی دو منداڵەكەی، دایكیان خۆی خستە بەردەم تانەو تەشەری كۆمەڵگەو شوی بەپیاوێكی ناسیاویان كردەوەو هەر لەبەر خاتری نانی منداڵەكانی بو بەهەوێی ژنێكی تر.

ئەو، گەیشتبوە قۆناغی ناوەندیو وردە وردە لەگەڵ خوێندنەكەیدا دەڕۆیشت، ئەو ماوەیە كەمێك لەپێشو ئاسودەتر بو، بەلام زۆری نەخایاند رۆژێك هەواڵی مردنی دایكیان پێگەیاند.

لەماڵی خاڵیو لەبەر دەستی خاڵۆژنیدا لەگەڵایەكی زەردی دەم رەشەبا دەچو، لەڕو لاوازو باریك هەمیشە دەتگوت شتێكی لێ ون بوە، بەلام لەبەرئەوەی چیدی نەیتوانی بەرگەی خەمو كەسەرو ژانەكانی بگرێت، بڕیاریدا بۆ یەكجاری خۆی ون بكات. لەنیوەڕۆیەكی رۆژە هەرە گەرمەكانی هاویندا، لەدوا دواكانی تەمموزدا، دوا رازی خۆی تەنها بەو دارهەناره سەوزە دەڵێ كە گەڵاكانی وەكو منداڵیی ئەو گەشن، توند بەهەردو دەستی دارەكە دەگرێو پێی دەڵێ: "من تەواو.. تەواو؛ لێرە جێگەم نەما". گەروی پڕ گریان دەبێو ناتوانێ چیتر بدوێ.. ئینجار ئاگر بەردەداتە جەستەیو دەیكاتە یەكپارچە گڕی سور، لەدوا ساتەكانی ژیانیشیدا تەنها هاواری بۆ ئەو دو مرۆڤە پاكە دەكرد كە دوای مردنی دایكی بەدایەو بابە بانگی دەكردن، ئەو پیاوەی نە باوكیو ئەو ژنەی كە نەدایكی بو، بەڵكو ژنەكە هەوێی دایكیشی بو!

ئەو لقە دارهەنارەی بۆ سەری شۆڕببوەوە، وەكو بڵێی ئەویش حەز بەسوتانی رۆحو مەرگی ئەبەدی بكات، هیچ خۆی راستنەكردەوەو بوە هاوسەفەری ئەو.

**ئابی ٢٠٠١**

* لەژمارە ٤ی ئەیلولی ٢٠٠١ی گۆڤاری (پشوی كوردستانی نوێ)دا بڵاوكراوەتەوە.

# ئاوەژوبونەوە

**بەئاهە سوتاوەکانی هاوڕێیەکم پێشکەشە**



دانپیانانی کوژراوێك — کۆچیرۆك

تەواو بێتاقەتو وەڕس ببو لەژیان، دەوروبەر، تەنانەت لەخۆیشی، ماناکان هەمو بێماناو مەسەلەکان تێکڕا لەبەر زەینیدا ئاوەژوببونەوە.

لاواز.. رەقەڵە.. تەوێڵ پڕ چرچولۆچ ببو، روخسارێکی شێواو، جەستەیەکی هیلاك، دو دیدەی پڕ ماتەم ئەدگاری بێ ئەدگاری ئەو بون..

کە ئەمەم دی تاسام، لەجێی خۆم وشکبوم، دەتگوت بەزەوییەکەوە نوساوم، چاوەکانم تیژ تێبڕین، دەبێ ئەو بێ ئەو نەبێ؟ ئەویش کە منی بینی بەئیهمالییەوە وەکو بڵێی لاقەکانی بەدوای خۆیدا راکێشێ بەرەو روم هات..

ئەو، عەشق ئەندێشەی داگیرکردبو، عەشقێك کە جوڵانەوەو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەی مرۆڤێکی تەواو گۆڕیبو، هەیهوو.. هەیهوو ئەودەم چۆنو ئێستاش چۆن؟!

رۆژگار.. دەبێ ئەوەندە زەلیلی دەستی ئەوین بێ؟!

ئەوینیش داگیرکارێکی هێندە بێڕەحم!

هەنگاوەکان بەگوڕی هاویشتران، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ، نیگاری شوێنپێکانی پێ نەگۆڕدرا!





پاش تەمەنێکی فرە درێژ لەژێر تلانەوەی ئەو ئازارەدا گوێم لێبو لەژێرلێوەوە وتی: "تەمەنمان سامانێکی زۆربو، لەسەر مێزی قوماری عەشقدا دۆڕاندمان".

**تشرینی دوەمی ١٩٩٩**

*** لەژمارە ٥٣ی ٢٠٠٠/٧/٣٠ی بڵاوکراوەی (ژیانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# حیکایەتی
# سوتان

هەر کاتێ بەڕوخساری مانگئاسای ئاشنادەبوم، هەرچەندە شەرم پێڵوی چاوەکانمی کەلەپچەکردبون، بەڵام هەرچۆنێك بوایە کۆتوبەندیان دەپچڕاندو تاکو وەك خەون بەتاڵ دەبوەوە تێی رادەمان..تێڕامانێك کە سەراپا جەستەمی وشدەکردو تەزویەکی گەرمی پێدەبەخشیم. سەرم گێژی دەخوارد، دیدەکانم بەجۆرێ دەبینران وەکو بلێی شتێکی وایان دیوە چاوەڕێیان نەکردوە.. خێرایی لێدانی دڵ بەئەندازەیەك زیادیدەکرد وەك دەنگی چرکەژمێر دەچو لەخامۆشیدا، درەنگ.. زۆر درەنگ دەهاتمەوە دۆخی ئاسایی خۆم.

بەجۆرێك لەدەریای عەشقیدا نقوم ببوم، هەمو شتێکم ونکردبو، لەگەڵ شەپۆلەکانیدا کەوتبومە سەما.. سەمای شێتانە. هەرچواردەورم هەر ئاو بو.. ئاوی سۆز. بۆ هەرلایەکم روانیبا هەر ئاوێنەی ئەوینێکی ساوا بو. زۆر مەستبوم، گەلێك خۆشحاڵبوم، لەهەمان وەختیشدا شپرزەییەك تێکڕا جەستەمی داگیرکردبو.. شپرزەیی بۆ ترس، ترس لەغەرقبونێکی ئەبەدی، وەلێ سەوداسەری خەیاڵێکیش بوم، ئەندێشەیەك هی بەر لەنقومبون، حەزی گەیشتن بەچاوگ، ئارەزوی بینەنان بەو ئاوە شیرینو سازگارە، تا ئەوپەڕی مەستی!



دانپیانانی کوژراوێك — کۆچیرۆك

چەند جارێك هەوڵمدا، تەقەللامکرد بەتەلەفۆن رازی دڵمی بۆ بەیان بکەم، پریاسکەی ئەندێشەکانمی لەبەردەمدا هەڵڕێژم، کەچی شەرم بواری نەدام.. ترس نەیهێشت.

"ئای شەرم.. ئاخ ترس.. نازانم بۆ لەوکاتەوە بونە مۆتەکەو نوسەکئاسا پێمەوە نوساون، دەڵێی هەر لەگەڵمدا لەدایکبون!"

خۆ ئەو نە چاوی لەمن بو، نە منیش چاوم لەو.. بەڵکو چەندین کیلۆمەتریش لەیەکترەوە دوربوین، کەسیش دیارنەبو، تەنها هاوەڵم تەلەفۆنەکە بو، کەچی هەمو لەشم بەیەك ئاواز دەلەرزیو بەحاڵ توانیم بەسەر دەستمدا زاڵ بم تاکو دەسکی تەلەفۆنەکە لەدەستم نەکەوێتە خوارەوە. زارم.. جارێ زارم ببوە تەڵەی تەقیو، زمانم بەسترابو.. ئێستاشی لەگەڵدابێ نەمتوانی وشەیەك دەرببڕم، ناچار وەك جارەکانی تر بەئەسپایی دامخستەوە.

چەند رۆژێك بەسەر ئەو روداوەدا تێپەڕی، لەبەرخۆمەوە زۆر سەرزەنشتی خۆمم کرد، گلەییم لەخۆم کرد:

"زۆر نەنگییە.. شورەییە، دو قسەت لەسەر تەلەفۆنیش پێناکرێ، ئەی چۆن باسی عەشقو خۆشەویستی دەکەی!"

ئەم دیالۆگە ناوخۆییەم کەمێك جورئەتیان بۆ دروستکردمو غیرەتیان دامێ، یەکسەر بڕیارمدا بێ سێو دو لێکردن ئەمجارە بیدوێنمو چیم مەبەستە بیڵێم.

دەستمدایە تەلەفۆنەکەو ژمارەی ماڵی ئەوانم لێدا.. زەنگ رۆیشت، لەگەڵ ئەوەدا خەیاڵێك بردمیەوە یەکەمین دیدار، ئەو دیدارەی کە تێیدا

چاوەکانی بێڕەحمانە زۆرانبازییان لەگەڵ چاوەکانمدا دەکرد، ماندو نەدەبو، نەیدەزانی هیلاکی چییە.. جارجارێکیش بزەیەکی نەرم روخساری قەشەنگی دەگرتو لۆچی دەخستە رومەتە سورەکانی..

لەو خەیاڵەدا بوم دەنگێك لەتەلەفۆنەکەوە بەئاگای هێنامەوەو وتی:

"بەڵێ فەرمو.."

منیش پاش کەمێك وەستان گوتم: "بێزەحمەت ............م بۆ بانگ ناکەی؟"

– "ببورە ئێرە ماڵی ئەوان نەماوە.. باریانکردوە بۆ شوێنێکی تر."

* "بەیارمەتیت نازانی شوێنەکە کوێیە؟!"

– "پێموابێت هەر لەم شارەش نەماون!"

**٢١ی ئەیلولی ١٩٩٩**

*** لەژمارە ١٩٧٤ی رۆژی پێنجشەممە ١٩٩٩/١٠/١٤ی پاشکۆی ئەدەبو هونەر–ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.**





# فەزای بێدەنگکردنو کارکردن بۆ بەکەلتورکردنی

**خوێندنەوەیەك بۆ کورتەچیرۆکی (سەرزەمینی دەنگە کپکراوەکان)**

**خەسرەو میراودەلی**

گەر ئەقڵو ئیرادە ئەو دوو تایبەتمەندییە بن کە مرۆڤیان بەم گەورەیی‌و ناوازەییە گەیاندووە، کردویانە بەو بونەوەرەی داهێنانی مەزن بئافرێنێت، بەردەوام لەهەوڵی دروستکردنی ژیاری نوێدا بێت. مرۆڤ لێوانلێو لەتوانای لەڕادەبەدەری ئەفسوناوی، ئەوا بێگومان بوونی ئەم دوو بەخششە مرۆییە (ئەقڵو ئیرادە)، لەڕێگای زمانەوە گوزارشتیان لێدەکرێتو بوونیان بەرجەستەدەبێت. هەر لێرەشدایە کە زمانو فیکر بەیەکدەگەنو، زمان دەگاتە توانا باڵاکانی خۆی لەدەربڕینی ئەوەی لەهزریدایەو، فیکریش بەو ئاستە بەرزانە دەگات کە گەمەکانی زمان رێگایان بۆ خۆشکردووە. ئەوەش کە لەئەنجامی چالاکی ئەم دوالیزمەوە، یاخود دیالەکتیکی نێوانیانەوە دێتە بەرهەم، واتە ئەوەی لەهەوڵو توانای ئافراندنی (فیکر – زمان) دەکەوێتەوە، بریتیە لە (ئازادی)، ئەو ئازادییەی بەبیرکردنەوەو بەزمان بەخشراوەو داهێنانو گۆڕانکاری لێکەوتۆتەوە. بونەوەرێك کە داهێنانو گۆڕانکاری سیمای سەرەکیی ژیانو چالاکیو بەردەوامیەتی.

لەم پێشەکیە کورتەوە دەکرێت بڵێین، یەکێك لەگەورەترین ئەو ئەرکانەی مەعریفەی مرۆیی بەجێیدەگەیەنێت بریتیە لەقسەکردن لەسەر ئازادیی زمانو وتن (ئازادیی رادەربڕین)، بێگومان (ئەدەب)یش وەك ئەو بەشە لەمەعریفەی مرۆیی کە یەکێك لەسەرەکیترینی ئەرکەکانی (ئازادکردنی مرۆڤ)ە، پشکێکی گەورەی لەمڕووەوە بەردەکەوێت.

چیرۆکی (سەرزەمینی دەنگە کپکراوەکان)، گوزارشتە لەو دۆخەی کە دەخوازرێت (زمان) تێیدا زیندانی بکرێت، واتە کۆیلەیەتی بکرێت بەقەدەری مرۆڤ. لەم چیرۆکەدا بەشێوەیەکی جوان ئەم قەیرانە خراوەتەڕو.

مەخابن لەفەزای سیاسیو کەلتوریو ئاینیی ئێمەدا، زمانەکان هەمویان بەداخراوی ماونەتەوەو، بەتێپەڕینی زەمەن کارێکی ئەوتۆی لەکرانەوەیان نەکردوە "ئینجا شتێك سەرسامی کردی، بینیت لەو هەمو حەشاماتەدا هەر دەم–ەو لێککراوەتەوەو هەر لێوەو دەجولێنرێت، کەچی هیچ دەنگێکیش نابیسترێت". قسە دەکرێت بەڵام هیچ ناوترێت، هاتوهاوارو وتنەوەی دروشمی بێناوەرۆك زۆرە، بەڵام دەنگی جددیو و راستەقینە نابیسترێت. وەك دەزانین (دەنگی مرۆڤ) گوزارشتێکی مەجازییە لە (بیروڕای مرۆڤ)، لەکەسێتییەکەی.

دیارە لای کەسی هۆشیار، ئەم دۆخە زۆر ناتەندروستە، ئەو کەسە سەرسام دەکات لەبینینی، کە کلۆمدانی زمانو داخستنی دەرگای دەم تێیدا بۆتە دیاردە، واتە بەمێگەلکردنی مرۆڤ بۆتە باو، لێرەوەیە کە مرۆڤی هۆشیار نەك هەر ئەم دۆخەی پێ قەبووڵ ناکرێ، بەڵکو هەندێکجار لێی





دەکەوێتە گومانەوە "سەرەتا بڕوات بەچاوی خۆت نەدەکرد، دوایی بەبیرتدا هات رەنگە ئەوە راست نەبێ‌و، هەروا لەژێر لێفە ئەستورەکەتو لەخەودابی". دۆخەکە هێندە نائاساییە، بەڵکو ئەوەندە سامناکە کە تەنها لەخەوندا دەشێت ببینرێت، واتە لەچوارچێوەی کابوسێکدا وێنابکرێتو گوزارشتی لێبکرێت.

ئەوەی لێرەدا پتر مایەی سەرسامیە ئەوەیە کە تەنانەت ئەو کارەکتەرانەش کە بەمامۆستاو خاوەنی (فیکر – زمان) دەناسرێن، وەك رۆشنبیرانو ئاکادیمستەکان، ئەوانیش بێزمانو (بێفیکر)ن. ئەوانیش هاوڕێ‌و هاوڕای مێگەلن!! درێژەپێدەری کاروانی کەلتورێکی تڕادسیۆناڵی ئاینیو سیاسیی بێدەنگکەرو بکوژی مافە سەرەکیو سەرەتاییەکانی مرۆڤە "مامۆستا دەستی بەدەرس کردوەو بەردەوامە، کەچی هیچی لەزار نایەتە دەرەوە!! بەخێرایی لەدەموچاوی هاوپۆلەکانت دەڕوانی.. هەستدەکەی زۆر بەلایانەوە ئاساییەو تەنها تۆ پێت سەیرە، بۆیە خۆت بۆ ناگیرێتو لەجێی خۆتەوە هەڵدەدەیتێ‌و، دەتەوێ مامۆستاکەت لەوە حاڵی بکەی کە دەنگی دەرناچێ‌و گوێتان لەهیچ نییە"، یەکسەر بەدوای ئەوەشدا دەڵێت "کەچی ئەو رێگەنادات قسەکانت، یان راستتر بڵێم لێوجولاندنەکانت تەواوبکەی‌و پێت دەبڕێ‌و بەلێوجولاندنی بێورتەو بەدەست ئاماژەکردن دەتوەستێنێ"، رێگەنەدان تەنانەت بەجولاندنی لێویش، ئاماژەیە بۆ رێگەگرتن لەگوزارشتکردن لەسەرەتاییترینی ماف قسەکردن، بەو مانایەی ئەو مافە سەرەتاییانەی قسەکردن، بەراورد

بەئازادی لەچوارچێوە فراوانو پێویستەکەیدا، وەك قسەنەکردنو هیچ نەگوتن، لەباشترین حاڵەتدا دەشێت وەکو چپەکردن وابێت.

باسکردنی روداوەکەی دوای راپەڕینیش لەلایەن پاڵەوانی چیرۆکەکەوە، کە مامۆستاکە بەگۆکردنی وشەی (ئازادی) بەتەنیا، دەکەوێتە لێدانو ئازاردانی، ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی دوای راپەڕین کە باسکردن لەئازادی کراوەتە دەمامك بۆ سەرجەم ئەو هەوڵانەی بۆ بێدەنگکردنی رۆژنامەنوسانو نوسەرانو سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵگاش دەدرێت. واتە (ئازادی) تەنیا وەك دروشمێك بۆ چەواشەکردنو کۆیلەکردن بەکاردەهێنرێت.

ناچاربونی پاڵەوانی چیرۆکەکەش بەوەی بچێتە ماڵەوەو خۆی لەکونجی ژورەکەی بئاخنێت، گوزارشتە لەم دۆخەی ئێستا کە بۆ تاکی هۆشیار (نامۆبوون) دروستدەکاتو، لەو سۆنگەیەوە کە نە دەتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکاتو، نە توانای روبەڕوبونەوەی راستەقینەو گۆڕینو دەستکاریکردنیشی هەیە. واتە (نامۆبوون) لێرەدا گوزارشتە لەجۆرێك لەنائومێدیو گۆشەگیری.

کاتێکیش بەئومێدی هاتنەوەسەرخۆو کەمبونەوەی هیلاکی، پەنجە بەدوگمەی تەلەفزیۆنەکەوە دەنێت، بەڵکو شتێك (ببیستێت) کە ئاماژەبێت بۆ بوونی دەنگو ئاوەدانی، بەرنامەی پێشبڕکێ دێتە بەرچاوی، کە گروپێك خوێندکار لەسەر کورسی دانیشتونو یەکێکیش لەبەردەمیانەوە دەم دەجوڵێنێو تەمسیلیان بۆ دەکات. واتە لێرەشدا تەنیا وێنە دەبینێتو دەنگ بوونی نیە. کە ئەمەش دۆخی میدیای





ئێستاکە دەخاتەڕوو کە هیچ نیە جگە لەئاوێنەی ئەو فەزای بێدەنگکردنەی کە دەسەڵاتی کوردیو کەلتوریو ئاینیو کۆمەڵایەتی گوزارشتی لێدەکات.

*** ئەم خوێندنەوەیە لەلاپەڕە ٨ی ژمارە ٣٢٩ی رۆژی دوشەممە ٢٠١٢/٩/١٠ی پاشکۆی (رەخنەی چاودێر)دا بڵاوکراوەتەوە.**

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی هەریەك لەم بەڕێزانەی خوارەوە دەكەم، كە لەچاپكردنی ئەم كۆمەڵە چیرۆكەدا هاوكارو پشتیوان بون:

* سەلام مستەفا-ی شاعیرو رۆژنامەنوس (ئەندامی ئەنجومەنی بالای لقی سلێمانیی یەكێتیی نوسەران).
* م. محەمەد بابۆڵی-ی رۆژنامەنوس و مامۆستای زانكۆ.
* كاك خەسرەو میراودەلی-ی نوسەرو وەرگێڕ.

**هێرش**





### دەربارەی نوسەر

* لەدایكبوی ١٩٨٢ رانیه
* بەكالۆریۆس و ماستەرو دكتۆرا لەراگەیاندن
* لە١٩٩٤ەوە لەبواری راگەیاندندا كاردەكات.
* لە ١٩٩٩ یەكەمین كورتەچیرۆكی بڵاوكردۆتەوە. پێش ئەو مێژوەش چیرۆكی منداڵانی نوسیوەو بڵاوكردۆتەوە.
* بەشداری لەفێستیڤاڵی ئەدەبیی لاوان (٢٠٠١) كردوەو لەفێستیڤاڵی ئەدەبیی میرزا مەنگوڕیدا (٢٠٠٤) خەڵاتی دوەمی چیرۆكی بەدەستهێناوە.
* كۆمەڵێ چیرۆكی لە(پاشكۆی ئەدەب و هونەر-ی رۆژنامەی كوردستانی نوێ، گۆڤاری ئاینده، گۆڤاری پشوی كوردستانی نوێ، بڵاوكراوەی ژیانی نوێ) بڵاوكردۆتەوە.
* مامۆستای راگەیاندنە لەزانكۆی سلێمانی
* سێ كتێبی چاپكراوی هەیە:

- رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری كوردستان- توێژینەوە ٢٠٠٦
- میدیاو دەسەڵات- كۆدیدار ٢٠٠٨
- ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنوسیی كوردیدا- ماستەرنامە ٢٠٠٩

* پێنج كتێبی ئامادەی چاپن:

- ئێتیك و یاسا لەمیدیای كوردیدا- توێژینەوەو وتار
- ئەركی چاودێركاری لەرۆژنامەنوسیی كوردیی هەرێمی كوردستاندا- تێزی دكتۆرا
- میدیاو ئێتیكی پیشە- نوسین و ئامادەكردن
- میتۆدی توێژینەوەی میدیایی- ئامادەكردن
- چاوپێكەوتنی رۆژنامەنوسی- ئامادەكردن